زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# لادانی واتایی لە دیوانی (مەهێڵە كاڵبێتەوە)ی (رەنج سەنگاوی)دا

**پڕۆژەی دەرچوونە**

پێشكەش بە بەشی (زمانی كوردی) كراوە، وەک بەشێک لە پێداویستەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە (زمان وئەدەبی كوردی)دا

**ئامادەكردن:**

**سۆلین تحسین رحمان**

**سەرپەرشت:**

**م. ڕێبین خلیل قادر**

**نیسان-٢٠٢٢**

# ناوەرۆک


١- پێشەکی ........ ١

١-١: ناونیشانی توێژینەوە ........ ١

١-٢: ڕێبازی توێژینەوە ........ ١

١-٣: هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوە ........ ١

**١-٤: گرفتەکانی بەردەم توێژینەوە........ ٢**

**١-٥: بەشەکانی توێژینەوە ........ ٢**

**به شی دووەم ........ ٣**

٢- لادان ........ ٣

٢-١: زاراوە و چەمکی لادان ........ ٣

**٢-٢: جۆرەکانی لادان ........ ٤**

٢- ٣: لادانی واتایی ........ ٦

٢-٤-: جۆرەکانی لادانی واتایی........ ٨

٢-٤- ١: لادانی واتایی لەڕووی چۆنێتییەوە........ ٨

٢-٤-١-١: لێکچواندن........ ٨

٢-٤-١-٢: خواستن........ ٩

٢-٤-٢: لادانی واتایی لە ڕووی گونجانەوە........ ١٠

**٢-٤-٢-١:** پاڕادۆکس........ ١١

**٢-٤-٢-٢:** هەڵاوسانی واتایی........ ١١

**٢-٤-٢-٣:** ڕەمز........ ١١

**٢-٤-٣:** لادان لەڕووی ئەرکەوە........ ١٢

**٢-٤-٣-١:** دانەپاڵ........ ١٢

٢-٤-٣-٢: دياريكردن........................................................................................ ١٣

٢-٤-٣-٣: گەياندن.......................................................................................... ١٣

**بەشی سێیەم: لادانی واتایی لە دیوانی (مەهێڵە کالبێتەوە)ی (رەنج سەنگاوی)دا** ........................................................................................ ١٤- ٢٤

- ئەنجام........................................................................................ ٢٥

## پوختەی توێژینەوە

لادان لەهەموو ئاستەکانی زماندا ڕوودەدات، یەکێک لەو ئاستانەی زمانیش کە بەشێوەیەکی فراوان لادانی تێدا ڕوودەدات، ئاستی واتایە و پێیدەوترێت لادانی واتایی. لادانی واتایی بریتییە لە دوورکەوتنەوە لەو بەکارهێنانە ئاساییەی زمان کە ڕۆژانە خەڵک بەکاریدێنن. ئەگەر سەرنج لە زمانی شیعریی بدەین دەبینین یەکێکە لەو بوارانەی کە بەشێوەیەکی زۆر فراوان لادانی واتایی تێدا ڕوودەدات، چونکە زمانی شیعر بریتییە لە بەکارهێنانی نائاسایی واتا لە ناو زماندا. بۆیە زمانی شیعریی لەسەر بنەمای لادانی واتایی دروستدەبێت. لە ئەنجامیشدا زمانێکی نوێ و واتای نوێ دروستدەبێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی جۆرەکانی لادانی واتایی لە دیوانی (مەهێڵە کاڵبێتەوە)ی (ڕەنج سەنگاوی)دا، کە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە، لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## به شی یه كه م

## پێشەکی:

### ١-١: ناونیشانی توێژینەوە:

لادانی واتایی لە زمانی شیعردا زۆر بە فراوانی بەکاردەهێنرێت، چونکە شاعیر ڕێگە پێدراوە بە ئارەزووی خۆی یاساکانی زمان لەڕووی ڕێزمان و واتاوە تێکبشکێنێت و زمانێکی تایبەت و جیاواز دروستبکات، کە جیاوازە لەو زمانەی خەڵک لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریدێنن. (بروسکە چاندن)ی (عەبدوڵڵا پەشێو) یەکێکە لەو دیوانە شیعرییانەی کە لادانی واتایی بەشێوەیکی فراوان تێدا بەکارهاتووە و شاعیر زیرەک و وریایانە مامەڵەی لەگەڵ لادانە واتاییەکاندا کردووە و توانیوویەتی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش وێنەی هونەری جوان و دەربڕینی جوان لەناو شیعرەکانیدا بهێنێتەکایەوە. جگە لەمەش ئەگەر سەرنج بدەینە دیوانەکە و لێی وردبینەوە، دەبینین شاعیر زۆربەی شێوەکانی لادانی واتایی تێدا بەکارهێناوە، ئەمەش جۆرێک لە جوانی و هونەریی بە شیعرەکان بەخشیووە.

### ١-٢: ڕێبازی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی شیکاری وەسفیمان بەکارهێناوە.

### ١-٣: هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوە:

هەڵبەت هەڵبژاردنی هەر بابەتێک بۆ توێژینەوە بێ هۆی نییە و کۆمەڵێک هۆکار پاڵ بە توێژەرەوە دەنێن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی. ئێمەش کە ئەم بابەتەمان هەڵبژاردووە بۆ توێژینەوەکەمان، زیاتر ئەوە مەبەستمان بووە کە بەکەمی لەسەر ئەم بابەتە نووسراوە و توێژەران کەمتر لایان لەم بابەتە کردۆتەوە و ئێمەش هەوڵمانداوە زیارت برەو بەم جۆرە توێژینەوانە بدەین، جگە لەمەش شیعری هاوچەرخ بەشێوەیکی فراوان لادانی واتایی تێدا بەکارهێنراوە، بۆیە بە پێویستمان زانی کە توێژینەوەیک لەم بارەیەوە بکەین.

## ١-٤: گرفتەکانی بەردەم توێژینەوە:

لە کاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ڕووبەڕووی هەندێ گرفت بووینەوە، یەکێک لەم گرفتانە کەمی سەرچاوە بوو بە زمانی کوردی لەبارەی لادانی واتاییەوە، هەروەها گرفتێکی تر سەرچاوە عەرەبییەکان بوو کە لەکاتی وەرگێڕانی دەقەکاندا هەندێک لە زاراوەکان تووشی گرفتیان دەکردین، چونکە لە زمانی کوردیدا زاراوەی بەرامبەریان نەبوو، جگە لەمەش لادانی واتایی چەندین شێوەی جیاوازی هەیە و هەریەکە لەمانەش چەندین لقی جیاوازی لێدەبێتەوە، کە ئەمەش سەلیقەیی و وردێتی و ماندووبوونی دەوێت لە کاتی پڕاکتیکردندا.

## ١-٥: بەشەکانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بەناوی (لادانی واتایی لە دیوانی (مەهێلە کاڵ بێتەوە)ی رەنج سەنگاویدا لە دوبەش پێکهاتووە.

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە، کە تێیدا لە تەوەرەی یەکەمدا (کە تایبەتە بە لادان بەگشتی) باسی (زاراوەی لادان و چەمکی زاراوەی لادان و پێوەرەکانی لادان و جۆرەکانی لادان) کراوە، لە تەوەرەی دووەمدا (کە تایبەتە بە لادانی واتایی بە گشتی) باسی (چەمکی لادانای واتایی و جۆرەکانی لادانی واتایی) کراوە.

لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوە و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

## به شی دووه م

## لادان:

## ٢-١: زاراوه و چەمکی لادان:

چەمکی لادان بریتیە لە لادان لە شتە باوەکان، لادان بەگشتی لە هەموو بوارەکانی ژیان ڕوودەدات (سیاسی،ئاینی،ڕەوشت،داب و نەریت،ئەدەب و زمان) بۆ نموونە کەسێک لادەدات لە ئاینی باب و باپیری یان لە داب و نەریتێکی باوی پێشویان یان کارێکی نا ڕەوشتی نەشیاو دەکات بە کەسێکی سەرپێچی کەر و لادەر دادەنرێت وە کۆمەڵگە هەمیشە بەشێوەیەکی سلبی و نەشیاو باسیان دەکات بەپێچەوانەی لادان لەبواری شعری دا بە پەسەند و داهێنان ناو دەبرێت.(سعید،٢١،٢٠١٠). لادان چەمکێکی فراوانە و هەموو لایەن و پێکهاتەکانی دەق لە خۆ دەگرێت، لادان ئەو خاسیەتە دیاریکراوانەیە بۆ ڕوخسارو ناوەڕۆکی دەق و ژانەرێکی ئەدەبی دانراوە.(مەلا زادە،٤٤،٢٠١٩). لادان چەمکێکی فراوانە هەموو لایەنە پێکهێنەرەکانی ڕوخسار و ناوەڕۆکی دەق و پێکهێنەرەکانی دەق لە خۆ دەگرێت وەک لادان لە شێوازی باوی نوسینی ژانەرە ئەدەبیەکان و خاسیەتە باوەکانی ژانەرێک چونکە ئەمە ڕێگایە کە بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبی نوێ و ژانەری تر (مەلا زادە،٢٢٢،٢٠١٩).

لادان لە بواری ئەدەبیدا بە داهێنان ناو دەبرێت نوسەر چەمکی لادان لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبیدا بەرجەستە دەکات.هەر لەم ڕووەوە جان کۆهین دەڵێت (هیچ شیعرێک خاڵی نیە لە لادان) بۆیە هەموو ئەو ئەدگار و پێکهاتانەی شیعر لە دەربڕینێکی ئاسایی جیا دەکاتەوە ئەمەش دەوەستێتە سەر جۆر و ڕێژەی ئەو لادانەی لە ئاست بونیاتە جۆراوجۆرەکانی دەقی شیعری ئەنجام دەدرێت کە ئەمەش پەیوەستە بەلایەنی ویژدانی خودی شاعیر و لە لایەکی تریش ئەو قۆناغ و سەردەمەی بەرهەمەکەی تێدا نوسراوە.لادان یاسای تایبەت و مەبەستێکی دیاریکراوی خۆی هەیەدەبێت لەکاتی ئەنجامدانی ئەم یاسا و مەبەستانە لەبەرچاوبگیرێت (أحمد،٩،٢٠١٣_١٠).

ئامانجی نوسەر لە ئەنجامدانی لادان بەرهەمهێنانی جوانیە لە ئەدەب دا بۆیە پەنا بۆ ئەم کارە دەبات ئەم جوانیەش لەوانەیە بەبێ لادان بەدی نێت.شاعیر بەگشتی هەوڵ دەدات بەزمانێکی کاریگەر و سەرنجڕاکێش بنوسێت زۆربەی ئەو کاریگەر و چێژو ئێستێتیکای شاعیریش بەرجەستەیان دەکات بۆ شیعرەکەی و بەدوایاندا دەگەڕێت بەڕێگەی لادان و دەرچوون لە یاسا و دەرستوررە باوەکان بەدیدێت بۆیە دەگوترێت (شیعر

سیستەمێکە لادان) (عبدلله،٢٠١٣،٣٦). هەروەها (ئەرستۆ) بڕوای وایە کە باشترین دەستەواژە ئەوەیە ڕون و ئاشکرا بێت و کۆن نەبێت، ئەم بۆچونەی (ئەرستۆ) ئەوە دەردەخات کە لادان دورکەوتنەوە لە زمانی باو و دەستەواژە بەکارهاتووەکان زمانێکی ئەدبی بەرز بەرهەم دێنێ (عبدلقادر،١١، ٢٠١٤).

## ٢-٢: جۆرەکانی لادان

ئەگەر بێینە سەر جۆرەکانی لادان،لادان تایبەت نیە بەیەک ئاستەوە لادان لە هەموو ئاستەکانی دەق ڕوودەدات بەپێی داهێنانەکانی نوسەر  کە جۆرو ڕێژەی لادانەکە بەپێی سەردەمەکە دەگۆڕێت وە لێرەدا زانایان و نوسەران بەپێی قوتابخانەو تیۆرەکان بۆ جۆرەکان لادان پۆلێنیان کردووە. (سعید،١١١، ٢٠١٠). ئەوەی بۆتە هۆکاری ئەم پۆلێنە جۆراوجۆرانە نەبوونی بنەمایەکی هاوبەشە بۆئەوەی جۆرەکانی لادانی لەسەر پۆلێن بکرێت جگە لەمەش هەموو جۆرەکانی لادان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە تێکچڕژاون تەنیا بەمەبەستی زانستی لێک جیا دەکرێنەوە.(أحمد،٤٤،٢٠١٣).

* لینچ لادان بەم جۆرە پۆلێن دەکات:-

١. لادانی واژەیی

٢. لادانی نەحوی

٣. لادانی دەنگی

٤. لادانی شێوازی

٥.لادانی زاراوەیی

٦. لادانی نوسینەوەیی

٧. لادانی زمانی

*جان کۆهین لادان بەسەر سێ جۆر پۆلێن دەکات:-

١. لادانی هەڵسپاردن

٢. لادانی واتایی

٣. لادانی پێکهاتەیی

* (دکتۆر ئەحمەد محمد) لادان بە دوو جۆر پۆلێن دەکات:-

١. لادانی جێگۆڕکێ

٢. لادانی پێکهاتەی

* (محمد معروف  فەتاح) لادانی بەم شیوەیە پۆلێن کردووە:-

١. لادانی وشەیی

٢. لادانی ڕێزمانی

٣. لادانی زارو زمان

٤. لادانی نوسینەوەیی ئاسایی

٥. لادانی  شێوازی (سعید،١١١،٢٠١٠-١١٤)

بەشێوەیەکی گشتی لادان بەسەر ئەم جۆرانەی خوارەوە دابەش دەکرێت:-

١.لادان لەسەر بنەمای ئاستەکانی زمان

هەموو جۆرەکانی لادان لەڕێگەی زمانەوە دروست دەبن نوسەر بە ئارەزووی خۆی ئەو ژانەرەی بیەوێت لێی پیکدێنێ لەهەر  شوێنێک بیانەوێ لێی دەقرتێنن یان زیادەی دەخاتە سەر بێئەوەی یاساو دەستورەکان پەیڕەو بکەن بەپێی ئاستەکانی زمان لادان دەبێتە سێ جۆر:_

أ.لادانی  دەنگی :-هەموو ئەو لایەنە زمانیانە دەگرێەوە کە لە یاسا دەنگیەکان لادەدەن.

ب.لادانی ڕیزمانی:_هەموو ئەو لادانانە دەگرێتەوە کە لەسەر بنچینەی لادان لە یاسا ڕیزمانیەکان ئەنجام دەدرێ (أحمد،٤٥،٢٠١٣).

ج.لادانی واتایی:_ بریتییە لە قسەکردن بە وێنە شێوازی کاریگەری ناوازە (عبدلله،٦٩،٢٠١٣).

٢.لادان لەسەر بنەمای بونیاتی دەق:

هەموو دەقێک خاوەن بونیاتێکی دیاریکراوی خۆیەتی و دەقی ئەدەبیش بونیاتی تایبەت بەخۆی هەیە و جیایە لە بونیاتێکی دەقی نا ئەدەبیەوە  وە بونیاتی دەرەوەی دەق جیایە لە بونیاتی ناوەوەی  دەق لەسەر ئەم بنەمایە لادان دەکرێت بە دوو جۆر:_

أ.لادانی دەرەکی

ب.لادانی ناوەکی (أحمد،٤٤،٢٠١٣)

٣.لادان لە سەر  بنەمای داهێنان و بەکارهێنان.

لادان  کە لە لایەن شاعیرانەوە ئەنجام دەدرێت بۆ مەبەستی داهێنان و جوانکارییە و شێوازێکی زمانی سەرنجڕاکێشە کەجیا بێت لە زمانی ئاخاوتن و  نوسینی بابەتێکی زانستی و پەخشان ، دابەش دەبێت بەسەر ئەم جۆرانە:_

أ.لادانی خودی

ب.لادانی گشتی

ج.لادانی باو

د.دانی قۆناغ (أحمد،٢٧٠،٢٠١٣).

٤.لادان لەسەر بنەمای ئیستاتیکیای دەق

لادان و ئیستاتیکیا پەیوەندیەکی پتەویان پێکەوە هەیە لە نوسینی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بە زمانێکی جیاواز لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە بەبەر داکردنی بەرگ و ڕۆحێکی ئێستیاتیکیە بە دەقەکەدا ،دابەش دەبێت بەسەر ئەم جۆرانە:_

أ.لادانی ئەرێنی

ب.لادانی نەرێنی

ج.لادانی تۆژیکی

د.لادانی لادان (أحمد،٢٧٦،٢٠١٣).

## ٢-٣: لادانی واتایی:

بواری واتا بە یەکێک لە گرنگترین ئاستەکانی زمان بۆ زەقکردنەوەی ئەرکی ئەدەبی لە قەڵەم دەدرێ،ئەوە لە شیعر زیاتر بەدەر دەکەوێ،لادانی واتایی شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمانە،پەیوەندیەکی پتەوی بەگۆڕینی مەبەست و واتاو تێگەیشتنەوە هەیە،واتا نەک هەر واتی سەردەم دەگۆڕن بەڵکو دەبنە بار و ئەرک بۆ گوێگریش وە ئەم جۆرە لادانە پەیوەندی بە دیوی ناوەوەی زمان گەمەی ئێستاتیکیەوە هەیە لە دەقێکی شیعریدا.(عبدلقادر،٣٨،٢٠١٤)

شاعیر لە زمانی شیعریدا ئەو قالبە ئامادەکراوانە دەگۆڕێت کە ڕۆژانە بۆ گەیاندنی واتا بەکاردێ،مەبەستیشیەتی شێوازی نوێ بۆ کردەی گەیاندن دابهێنێت.بۆیە لادانی واتایی لەئەنجامی گەیاندنی واتا دوور لەشێوە باوەکەی بەدی دێت،دەسپێکی ئەم کارەش لە دەسکاری کردن و گۆڕینی پەیوەندی نێوان نیشانکار (دال) و نیشانکراو (مەدلول) سەرهەڵدەدات.هەروەک ئۆڵمان دەڵێت:(واتا بریتیە لە پەیوەندنی نێوان نیشانکار (دال) و نیشانکراو (مەدلول) هەر گۆرانێکیش لەم پەیوەندییە ڕوودات دەبێە هۆی گۆڕان لە واتا دا) بۆیە ئێستێتیکیای واتای دەق لە نەمانی پەیوەندی ئاسایی و گۆڕانی پەیوەندیە سروشتیەکان دەست پێدەکات. شاعیر شێوە و چۆنیەتی گوتنە باوەکان دەگۆڕێت و دەیەوێ مۆرکێکی تایبەت و ئەدەبی و خودی بەم گوتنە ببەخشێ (أحمد،١٥٠،٢٠١٣-١٥١). (جان کۆهین) دەڵێت: (ستراتیژیەتی شیعریەت یەک ئامانجی هەیە ئەویش گۆڕینەوەی واتایە) (حسێن،١٧٩،٢٠٠٥). لادانی واتایی بەواتای لادان لەو پێوەرانە دێت کە بەیەکەوە هاتنی لێکسیکیەکان دیاری دەکەن.بەمەش لادان ئەو سیما و واتاییانە دەگرێتەوە کە زاڵ بن بەسەر وشەکانی باودا (عبدالقادر،٣٨،٢٠١٤).

وشە یەکەیەکی سەرەکیە لە زانستی واتادا واتاکەی لە ئاکامی ئە پەیوەندییە لەگەڵ وشەکانی دەوروبەردا لە دەقێک دا دیاری دەکرێت ئەم بۆچونە وتەیەکی (مالارمێ) مان بیردەخاتەوە کە پێیوایە وشەکانی ناو دەقە شیعریەکان وەکو گەوهەری بەر ئاگردان یەکتری ڕووناک دەکەنەوە، کەواتە چنین و ڕێکخستنی وشەکان لە دەقێکی شیعریدا توانا و باڵا دەستی شاعیران پیشان دەدات هەر ئەمەش وای کردووە کە زمانی شیعری نالی جیواز بێت لە زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی هەر بۆیەش دەتوانین شاعیر بە داهێنەر لە قەڵەم بدەین، چونکە بە لادان لەواتای فەرهەنگی وشەکان و بەخشینی واتای نوێ پێیان داهێنەری شاعیر تۆختر دەبێتەوە (عبدالقادر،٣٩،٢٠١٤). واتا پەیوەندییە لە نێوان ناو و ناولێنراو هەر گۆڕانێکیش لەم پەیوەندییە ڕوبدات دەبێتە هۆی گۆڕان لە واتادا وە داهێنانی شاعیر لە ئەنجامی بەزاندنی یاساکانەوە دەبێت. وە شاعیر لە لادانی واتایی دا سەر لە نوێ زمان دروست دەکاتەوە، وە لۆجیکی ئەو زمانە جیایە لە لۆجیکی زمانی ئاسایی توانایەکی ڕوحی بە وشە دەدات (فتاح،٤٢،٢٠١١-٤٣). لادانی واتایی بەرهەم هێنانی زمانێکی ترە بۆ ئەدەب جیاوازە لەو زمانە ئاخاوتنە گشتییەی قسەی پێدەکرێت وە جیاوازە لەو زمانە سروشتیەش (عبدلله،٦٩،٢٠١٣). شیعر ئەو کاتە دەتوانێت خوێنە بەرێتە ناو جیهانی خۆیەوە کە جیهانێک بێت جگە لە جیهانی باوی خوێنەر (عبدالقادر٣٩،٢٠١٤). شاعیر بەزمانێکی بەرزتر لەسەرووی زمانی ئاسایی دەردەبڕێت وە شاعیر بە دڵ بیر دەکاتەوە بە ئەقڵ هەست دەکات لە ئاستی واقیعی بۆ ئاستی خەیاڵی شیعرەکەی دەنوسێت.

## ٢-٤: جۆرەکانی لادانی واتایی:

بەپێی توێژەران و شارەزایان ئەم بوارە کراوەتە چەند جۆرێک:

- لادانی واتایی
  - لادانی واتایی لە ڕووی چۆنیەتیەوە
    - لێکچواندن
    - خواستن
  - لادانی واتایی لە ڕووی گونجانەوە
    - پارادۆکس
    - هەڵاوسانی واتایی
    - ڕەمز
  - لادانی واتایی لە ڕووی ئەرکەوە
    - پاڵ
    - دیاریکردن
    - گەیاندن

## ٢-٤-١: لادانی واتایی لە ڕووی چۆنیەتیەوە:

لادانی واتایی لە ڕووی چۆنیەتیەوە مەبەست لەو لادانە ئەوەیە کە ئاخاوتن لەگەڵ ڕاستی (واقع) دا ناگونجێت ،وە گۆڕان بەسەر پێکهاتەی وشە و دەستەواژەکان دا دەهێنرێت بەشێوازێکی جیا لە شێوازی ئاخاوتنی ئاسایی وشە و دەستەواژەی نوێ و لێکدراو دروست دەکرێت، ناو و ئاوەڵناو و فروان و ئاوەڵفرمان بۆ مەبەستی دروستی خۆیان و بۆ شوێنی گونجاوی خۆیان بەکار ناهێنرێت (عبدالقادر،١٠٢،٢٠١٤). داهێنانی شاعیر لەوە دایە لەم واتا بەکارهێنانە واتاییە تەسکەی وشەکان لە فەرهەنگ دا هەیانە دوور بکەوێتەوە هەوڵی پەیوەندی و وێنەی نوێ لە ئەزمونی شیعری خۆی بدات کە پێشتر لە بیرو هزری خوێنەردا بونی نەبوە دۆزینەوەی ئەم وێنەیەش لە ڕێی لادانی واتاییەوە دێتە بوون ( عبدالقادر،١٠٣،٢٠١٤).

### ٢-٤-١-١: لێکچواندن:

یەکێکە لە هونەرە بەرزو جوانەکانی ڕوونبێژی شاعیران بەشێوەیەکی بەربڵاو ئەم هونەرەیان بەکار هێناوە بەمەبەستی خستنەڕووی وێنەکان ڕوونکردنەوەیان بەشێوازێکی جوانتر، وە لێکچواندن بەسادەترین جۆرەکانی وێنەی ڕەوانبێژی دادەنرێت شاعیر دەیەوێ بەهۆی لێکچوندنەوە کەرەستەکان زۆر لە یەکتر نزیک بکاتەوە بەڵام

هەر جیاوازی و بۆشایی لە نێوانیان دەمێنێت و خوێنەر هەست دەکات، وە لەوچوو لێچوو ئاشکراتر و بەهێزترە (سعيد،٢٦٨،٢٠١٠). لێکچواندن لە دەربڕینی شیعری دا هونەرێکی گرنگی ڕوونبێژییە بۆیە شاعیران هەمیشە لە بونیاتی وێنەی شیعریی و لادانە واتاییەکان پشتیان پێ بەستوە کە بریتیە لە لێکچواندنی دوو شت یان دۆزینەوە و دروست کردنی پەیوەندیەکی هاوبەش لە نێوان دوو شت یان دوو دیاردە ئەمەش لەسەر چەند بنەمایەک وەستاوە (لێچوو، لەوچوو،ئەوزار، ڕووی لێکچواندن) (أحمد،١٧٣،٢٠١٣). گرینگیەکەی لێکچواندن لەو کاریگەرییە دەردەکەوێت کە لەسەر دەروونی خوێنەر دروستی دەکات چونکە خوێنەر چاوی بە جیهانێک دەکەوێ کە جیاوازە لەو جیهانە ئاساییە کە هەیە وە شاعیر داهێنەرە هەموو ئەو کارانە لە ڕێگەی خەیاڵەوە ئەنجام دەدات بۆیە تا خەیاڵەکە بەرزتر بێ لێکچواندنەکە بە پێزتر دەبێت (أحمد،١٧٤،٢٠١٣). بەمجۆرە لێکچواندن بریتییە لە پێکەوە هێنانی دوو وشە کە لەهەندێ واتا و تایبەت مەندیان هاوبەش بن بەڵام هەر یەکەیان سیفات و تایبەت مەندی خۆی هەبێت و لەوچووەکە ئەم سیفەتەی لا زۆرتر دەبێت (سعيد،٢٧١،٢٠١٠).

لادانە واتاییەکان لەڕووی لێکچواندنەوە بەم شێوەیەن:

١. بەمرۆڤکردن: واتا پێدانی سیفەت و خاسیەتی مرۆڤ بەو شتانەی مرۆڤ نین (سعيد،٢٧١،٢٠١٠).

٢. بە ڕووەککردن: واتا پێدانی سیفەت و خاسیەتی ڕووەک بەو شتانەی کە ڕووەک نین (سعيد،٢٨١،٢٠١٠).

٣. بە ئاژەڵکردن: واتا پێدانی سیفەت و خاسیەتی ئاژەڵ بەو شتانەی کە نین (أحمد،١٦١،٢٠١٣).

٤. بەتەنکردن: یەکێکە لەو لادانە واتاییانەی شاعیر لەڕێگەی لێکچواندنەوە لە هۆنراوەکانی ئەنجامی دەدات چواندنی شتە خەیاڵی واتاییەکان بەو شتانەی کە سیفاتی (+تەن) یان هەیە پێدانی قەبارە و بارستایی بە شتە واتاییەکان.

٥. بە ئەبستراکتکردن: ئەم جۆرە پێچەوانەی بەتەنکردنە شاعیر لەجیاتی ئەوەی سیمای (+تەن) ببەخشێت بە لێچوو سیمای (-تەن) لێ دادەماڵێ و لەو شتانەی کەهەیەتی لێی دادەماڵێ (سعيد،٢١٢،٢٠١٠).

**٢-٤-١-٢: خواستن:**

بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک بۆ دەربڕینی مانایەکی تر بێجگە لە مانای دروستی وشەکە بەمەرجێ پەیوەندی نێوان مانای دروست و مانای خوازەیی وشەکە بێت،دەبێت

نیشانەیەکیش هەبێت کە ئێمە مەبەستمانە لەو وشەیە مانا خواستراوەکەیە نەک مانا دروستەکە (سعید،٢٠١٠،٢٩٢). (سکاکی) دەربارەی خواستن دەڵێت (یەکێک لە دوو بنەڕەتەکەی لێکچواندن هەبێت و بەمەبەستی بنەڕەتەکەی تر بێت) واتا خواستن وێنەیەکە لە لێکچواندن دروست بووە،وە خواستن هەر وەکو لێکچواندنە بەڵام جیاوازیەکەیان لەوە دایە کە لە خواستن دا یەکێک لە دوو بنەما سەرەکیەکەی لێکچواندن دەردەکەوێت (سعید،٢٠١٠،٢٩٣). لە خواستن تەنها یەک لایەن دەردەکەوێ کاریگەریەکەشی لە لێکچواندن زیاترە چونکە خواستن گۆڕینێکی ڕووتی واتا نیە، بڵکو گۆڕینی سروشتی واتایە وە خواستن ڕێگایەکە بۆ بەکارهێنانی خەیاڵێکی زۆرتر بۆ شیعر بەمەبەستی گۆڕینی شتی (مجرد) بە بەرجەستە و بۆ بەهەست کردنی شیعر (أحمد،٢٠١٣،١٧٦). خواستن میکانیزمێکی گرینگە بۆ ئەنجام دانی لادانە واتاییەکان خوێنەر دەبێت بەتەواوی دوو لایەنەکە بدۆزێتەوە بۆ گەیشتن بەواتی خواستراو (أحمد،٢٠١٣،١٧٧). ئەرستۆ دەربارەی خواستن دەڵێت (خواستن بەخشینی سیفەتی نامۆیە بە ئاخاوتنەکانمان سەرسامی لای خوێنەر دێنێتە کایەوە وە سەرنجیان ڕادەکێشێت و چێژیان پێ دەبەخشێت) ئەم سەرسامیەش لە ڕێگەی خواستنەوە دێتە دی، چونکە ئەم هونەرە بنەماکانی دەربڕینی ئاسی تێکدەشکێنێت بەرەو نائاسایی هەنگاو دەنێت .وە ئەگەر لە لێکچواندن (لێچو و لەوچوو) دوو جەمسەری هەبوونی هەمیشەیی بن لە خواستن دا ئەم دوو جەمسەرە بەتەواوی لەنێو یەکتری دا دەتوێنەوە،ئامادە بونیش تەنها بۆ یەکێکیانە (عبدالقادر،٢٠١٤،١١٠). (جان کۆهین) دەڵێت (خواستن تێکشکاندنی یاساکامی زمانە کە لە ئاستی جێگۆڕکێ دا دێتە دی) (سعید،٢٠١٠،٢٩٢). کەواتە ئەم لادان لە شیعریەتدا سەرەتا بەخستنە ڕووی لادان دەست پێدەکات کە ئەمە ئیشی نوسەری داهێنەرە و پاشان بە نەهێشتنی لادان کۆتایی دێت کە ئەمەشیان کاری خوێنەرە کاتێک دەی گەڕێنێتەوە بۆ خوێنەر لیی تێدەگات (سعید،٢٠١٠،٢٩٤).

## ٢-٤-٢: لادانی واتایی لەڕووی گونجانەوە:

لەڕووی گونجانەوە ئەوەیە کە قسەکردن نەگونجێ لەگەڵ واقع.(دزەیی،٢٠٠٩،١٤٦) ئەو وشە و دەربڕینانەی بەپێی کۆت و ڕێساکانی پێکەوە هاتن دێن و لەگەڵ یەکتری دا ناگونجێن.جا ئەم نەگونجانە بەهۆی دژیەکی و ڕەتکردنەوەی چەمکەکانەوە دەبێت،یاخود بەهۆی زیادە ڕۆیی واتا یان بەکارهێنانی وشەیەکەوە دەبێت کە ئەو مەبەستەی هەیەتی نیشانی دەدات.(عبدالقادر،٢٠١٤،١١٥)

واتا شاعیر مەبەستێکی هەیە لەبری بەکارهێنانی ئەو وشەیە کە لە پشتیەوە حەشار دەدرێت بەم جۆرە ئەو دژیەکی واتاییەی لەنێوان دوو کەرستە دروست دەبێت کەلەبری بەکاردێت.

**٢-٤-٢-١: پاڕادۆکس:**

پاڕادۆکس ئەو لادانە واتاییە کەشاعیر دوو وشە لەیەک دەدات کە لەگەڵ یەکتری ناگونجێن و واتاکانی یەکتر ڕەتدەکەنەوە. پاڕادۆکس کردەیەکی زمانی شعریە نەک تەنیا ئامرازێکی جوانکاری، بریتیە لە ئەرێنی کردنی گۆتن لە بابەتێک دا کە دژ و پێچەوانەیە لەگەڵ ڕای باو بۆیە لێک دانەوەی پاڕادۆکس گرنگیەکی تایبەتی هەیە ئەم گرینگی بەها ئیستاتیکیەش لەبەر یەک کەوتن و مل ملانێیەک لە گەیاندنی وشە دژ بەیەکەکە دروست دەبێت.پاڕادۆکس حاڵەتێکە بە ڕووکارێکی پێچەوانەی لۆژیک و ئەرێنی ئەقڵی دەردەکەوێت بەڵام دەتوانرێت لێکدانەوەی بۆ بکرێت بە ڕێگایەک واتایەکی ئەرێنی هەبێت (واتا هەموو پاڕادۆکسێک زیاتر لە واتایەک لە خۆ دەگرێت ) (أحمد،١٥٣،٢٠١٣). سنور و مەودای پاڕادۆکسی دیاریکراو نیە بەپێی پێکهاتەی ئەزموونەکە قەبارەی دگۆڕێت بۆیە لەوانەیە وشە بێت یان ڕستە یان سەرتاپای دەقە ئەدەبیەکە بگرێتەوە (أحمد،١٥٤،٢٠١٣). پارادۆکس لەڕستەیەک دا یان لە فریزێک دا واتایەکی شاراوە لەخۆی دا هەڵدەگرێت ،لەڕووی چەمکەوە ئەو دوو وشەی لە پاڕادۆکس دێن یەکدی ڕەت دەکەنەوە (دژ بەیەکن) (عبدلقادر،١١٥،٢٠١٤).

**٢-٤-٢-٢: هەڵاوسانی واتایی:**

ئەم جۆرە لادانەش لەسادەترین واتای دا ئەوەیە کە قەبارەی نوسین لە وشە و دەستەواژەکان دا زیاتر بێت لەو واتاییەی کە دەی بەخشێت.واتا شاعیر لەڕێگای کۆمەڵێک ئاوەڵناو و ئاوەڵکار کە زیادەن پێویست ناکات بونیان هەبێت ئەم لادانە ئەنجام دەدات. بریتیە لەوەی کە لە ڕستەیەک دا واتای کە ڕەستەیەک زیاتر لو جارێک بێت ئەویش لە ڕێگای بەکارهێنانی هاو واتاکانیان کە لە سیمایەکی واتایی دا هاوبەشن (عبدلقادر،١٦٨،٢٠١٤).

**٢-٤-٢-٣: ڕەمز:**

بنەمەیاکی گرنکی بەرهەمی شیعرییە بەرهەم و لە دایک بووی لادانە واتاییەکانە،چونکە هەر کاتێک ئەو پەیوەندییەی لەنێوان دال و مەدلول هەیە دەستکاری کرا ئەو واتایەی کۆمەڵگە لەسەری ڕێک کەوتووە دەگۆڕێت.(احمد،١٧٩،٢٠١٣). خواستن و لێکچواندن

دوو بنەمای گرینگی دروست بونی ڕەمزی شیعرین چونکە ئەو وشە و گوزارانەی بونەتە ڕەمز لەسەر بنەمای لێکچون یان خواستنی وشەکە و بەکارهێنانی بۆ واتایەکی جیاواز لە واتا بنەڕەتیەکەی خۆی وەستاوە. گرینگی بەکارهێنانی رشەمز لەزمانی شیعری دا جگە لە لایەنە جوانکاریەکەی کورت بڕی کردنی زمانە بەهۆی چڕکردنەوەی واتایەکی گەورە لەچوار چێوەی وشەیەک دا.جۆرەکانی ڕەمز بەگشتی ئەمانەن (ڕەمزی خودی،ڕەمزی گشتی،ڕەمزی ئاینی،ڕەمزی کەلەپوری،ڕەمزی ئەفسانەیی،ڕەمزی مێژویی،ڕەمزی نێو سروشتی،ڕەمزی ئەدەبی،ژمارە وەک ڕەمز) (أحمد،١٨٠،٢٠١٣).

## ٢-٤-٣: لادانی واتایی لەڕووی ئەرکەوە:

لەڕووی ئەرکەوە کە باس لە لادانی واتایی دەکەین دەبێت باس لە ڕۆڵ و گرنگی زمان بکەین لە دەربڕین و گوتار و ئاخاوتن دا.چونکە زمان دوو ئەرکی سەرەکی هەیە دەربڕین و کاریگەریو دەربڕین تایبەتە بە لایەنی کۆمەڵایەتی و سود و گەیاندن بەڵام کاریگەری تایبەتە بە ئەرکی هونەری و جوانکاری.

لێرەوە ڕۆڵ و گرنگی شاعیر دێتە پێشەوە کە تا چەند دەتوانێت دەقێکی پەخشانی یان دەقێکی بەرزی شیعری پێ بنوسێت کە پڕ بێت لە جوانی،جوانی هەر تێکستێکی شیعری تایبەتە بەو لادانە واتاییانەی کە شاعیر ئەنجام یان دەدات (عبدالقادر،١٣٢،٢٠١٤).

لادانی واتایی لە ڕووی ئەرکەوە دابەش دەبێتە سەر سێ ئاست:-

٢-٤-٣-١: دانەپاڵ

٢-٤-٣-٢: دیاریکردن

٢-٤-٣-٣: گەیاندن

**٢-٤-٣-١: دانەپاڵ:**

دانەپاڵ لادانێکی واتاییە لە ئەنجامی ئەم جۆرە گۆتنانەیە بەخشینی سیفەتێکە بۆ شتێک،دیاردەیەک، ناوێک بە جۆرێک ئەم شتە هەڵگری ئەم سیفەتەیە هەندێک جار لادانەکە لە ئەنجامی دەستکاری یاسا سینتاکسیەکان دروست دەبێت هەندێ جاریش لە دانان و خستنە پاڵی وشەیەک لە چوارچێوەی سینتاکسەوە دەبێت بەڵام لێکدانەوەی لۆژیکی بۆ ناکرێت ئەم جۆرە دانەپاڵە بونیاتی زمانی دەق قوڵ دەکاتەوە جۆرێک لە داهێنان و ناوازەیی بە پێکهاتەکە دەبەخشێت.(أحمد،١٥٦،٢٠١٣)

دانەپاڵ پێدانی سیفەتێکە بۆ شتێک ئەم سیفەتە بە ناشاز دابنرێت،دانە پاڵ بەخشینی وشەیەکە بە وشەیەکی تر یان کارێکە بە بکەرێک کە لە ڕووی واتا و لۆژیکیەوە لەگەڵ یەکتری ناگونجێت لێی دوور دەکەوێتەوە ،ئەم پرۆسەیە لای کۆهن لە دوو میکانیزمدا دەبینرێت کە بریتیە لە خستەڕووی لادان و ڕەتکردنەوەی لادان کە ئەمەش دوو حاڵەتی هەیە جارێکیان نێگەتیڤە و جارێکیان پۆزەتیڤە واتا کە لادان دەخرێتە ڕوو ئەوا ڕۆڵی نێگەتیڤ دەبێت چونکە یاساکانی زمان تێکدەدات و ناردنی پەیامەکە لەسەر ئاستی بونیاتی دەق دەشێوێنێت بەڵام ئەو کاتەی لادانەکە ڕەت دەکرێتەوە ڕۆڵی پۆزەتیڤ دەبینێت چونکە خوێنەر پەنا دەباتە بەر ڕاڤە کردن و دەق بەرەو مەودای شیعری دەبات.(عبدالقادر،١٣٣،٢٠١٤ ). کەواتە دانەپاڵ خستنە پاڵ و پێدانی سیفەتە بەشتێک یان بە کەسێک کە لە بنەڕەت دا سیفەتەکە خۆی نیە بەڵکو ئەم سیفەتە شتێکی دیکەوە دەگوازرێتەوە بەمەبەست دەخرێتە پاڵ شت یان کەسەمە.

**٢-٤-٣-٢: دیاریکردن:**

دیاریکردن ئاوەڵناوێک یان چەند ئاوەڵناوێک دەخرێتە پاڵ ڕەگەزێک وەک کۆهین ئاماژەی پێکردووە ((ئاوەڵناوەکە بەسەر بەشێکی ناوەکە جێ بە جێ دەبێت و بەسەر بەشێکی تری ناوەکە جێ بە جێ نابێت)). دیاریکردن زیاد کردنی وشەیەک یان چەند وشەیەکی ترە بۆ ناوی بەرجەسنە دەبێت.(عبدالقادر.٢٠١٤.١٣٦). ئەگەر ئاوەڵناوەکە بەشێک لە ناوەکەی گرتەوە ئەوا بە لادانێکی بەهێز دادەنرێت، بەڵام ئەگەر ئاوەڵناوەکە گشت پانتایی ناوەکەی گرتەوە لەگەڵ هەموو جۆرەکانی ناوەکەدا گونجا بە لادانێکی بێ هێز ناو دەبرێت (حشو) (عبدالقادر،١٣٨،٢٠١٤).

**٢-٤-٣-٣: گەیاندن:**

گەیاندن واتە گرێدان و کۆردنە وە ی دوو ڕە گە ز یان دوو هزر لە ڕووی واتاوە لە یە کتر دابڕون،گە یاندن هە میشە لە زمانە وانی دا وشە ی کونجاو دە گمە ن بە شێوە یە کی لۆژیکی بە یە کە وە گرێ دە دات واتە هە ردوو لای گە یە نە رە کە لە ڕوود واتا ئە رکی زمانیە وە لە یە کە وە نزیک بن گە یاندن واتا چە ند بیرێک بە یە کە وە کۆبکرێتە وە کە پە یوە ندی لۆژیکی

ئاشکرایان بە یە کە وە نە بێت ئە مە بە لادان دادە نێرێت لە پێوە ری زمانی ئاسایی و (دابڕان)ی پێدە وترێت، کە واتە ئە م شێوە لادانە واتا پێکە وە لکاندنی چە ند بیرێک کە لە ڕووی لۆژیکیە وە پێکە وە نابە سترێنە وە هە روە ها لە زمانی ئاسایی دا لە

دوو وێنه دا به رجه سته ده کرێت        یه که میان بابه ته که دیاره به هۆی ئامرازه لێکده ره کانر (و، به ڵام،       له گه ڵ) دووه میان به هۆی گونجانه وه دروست ده بێت خاڵ به ندی له جیاتی لادان کاری گه یاندنه که ئه نجام ده دات.(قادر،٥٣،٢٠١٤)

**به شی سێیه م**

## لادانی واتایی له دیوانی (مەهێڵە کالبێتەوە)ی (رەنج سەنگاوی)دا:

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعری ئەوەیە کە لادانی واتایی بە فراوانی تێدا بەکاردەهێنرێت. ئەم لادانە واتاییانەش لەم زمانەدا ئاساییە. لە دیوانی (مەهێڵە کاڵبێتەوە)ی (رەنج سەنگاوی)دا ئەم جۆرە لادانە لە چەندین دەقی شیعریدا بەکارهێنراوە، کە بەسەر جۆرەکانی لادانی واتاییدا دابەش بوون. ئیمە لەم تویژینەوەیەدا هەولدەدەین ئەو جۆرانەی لادانی واتایی بخەینەڕوو کە لەم دیوانەدا بوونیان هەیە:

ساندی بێل

ئیتر من ئەبم بە خەیاڵ

لە پەجەرەی شەشەم قاتی کۆلێژەوە

ئەڕۆم ئەدەم لە شەقەی باڵ

خویندکارەکان من نابینن

کەمێک لەسەر درەختی کانی ئەشقان ئەمێنمەوە
گوێ لە چرپە و ڕاز و نیازی جوتێ خەمی شەیدا ئەگرم
ئارام ناگرم هەڵ ئەفڕم
ئەکەومە دوای شەیدایی دڵی پڕم (سەنگاوی،٢٠٠٧،٤)
شاعیر وێنەیەکی لەسەر بنەمای لێکچواندن کێشاوە (شەقەی باڵ،هەڵ ئەفڕم) شاعیر خۆی بە باڵندە چواندووە سیفەتی فڕینی داوەتە خۆی کە بەئاژەڵکردنە. (لێکچواندن)

پیانۆ
هەستم بە ئاوازێ ئەکرد
ئەو کاتەی ئەمڕوانیە تۆ
کە گەڕامەوە پێم زانی
دڵم بووە بە پیانۆ (سەنگاوی،٢٠٠٧،١٢٦)
لەم شیعرە دا شاعیر دڵی خۆی بە بێ گیان چوندووە (دڵم بوە بە پیانۆ). (لێکچوندن)
گەڵا
چونکە کاتێ
پیتەکانی ناوەکەتم لەسەر درەختێک هەڵ ئەکەنی
هەر گەڵا بوو لای خۆیەوە
بە قاقا پێم پێئەکەنی (سەنگاوی،٢٠٠٧،١٥٧)
لەم شیعرە دا شاعیر سیفەتی مرۆڤی داوە بە ڕووەک چونکە پێکەنین سیفەتی مرۆڤە داویەتی بەگەڵا. (لێکچواندن)
گۆرانیە ک
کە شە و دادێ
هە رچی گۆرانی تە نیاییە
تابە یانی
دە ستیان لە ملی من دایە
ئە مشە و دە نگی گۆرانیە ک
هێندە گریا دە نگی نوسا (سەنگاوی،٢٠٠٧،١٨٩)
(دە ستیان لە ملی و گریا دە نگی نوسا) سیفة تی مرۆڤی بە گۆراني داوە کە بێ گیانە (لێکچواندن)

هێلاهۆپ
توخوا دڵم زۆر مناڵە
فێر بووە لە شیرینی خەودا
ڕام ئەچڵەکێنێ (سەنگاوی،٢٠٠٧،٢٧)
(دڵم مناڵە) خواستنە چونکە سیفەتی منالی دراوەتە پاڵ دڵ. (خواستن)
ساندی بێڵ
کەنتۆرەکەت ئەکەمەوە دەستە دەستە جلەکانت
دەرئەهێنم
دەست ئەدەمە کڵاوە شەڕابییەکەت
لەسەر ڕانم ئەیخەوێنم (سەنگاوی،٢٠٠٧،٧)
شاعیر لێرە دا سیفەتی خەوتنی داوە بە کڵاو کە لەگەڵی دا ناگونجێ. (خواستن)

مەهێڵە کاڵ بێتەوە
هەر کە ئەمەوێ بتبینم
هێندە بە حەسرەتەوە دێم
درەختەکانی ئەو ناوەش
ئێستا هەموو بوون بە هاوڕێم (سەنگاوی،٢٠٠٧،٣٨)
لەم شیعرە دا شاعیر سیفەتی هاوڕێی داراوەتە پاڵ درەخت. (خواستن)
پۆسکارت
دایم سوپاسی خودا ئەکەم کەوا کوێر نیم
دیەکانم زۆر ڕۆمانم خوێندۆتەوە
تاڵ تاڵ پرچی زۆر چیرۆکی خۆشەویستیم هۆندۆتەوە
هیچ عاشقێکم نەدیوە هێندەی من و تۆ ناکامین (سەنگاوی،٢٠٠٧،٤٢)
(تالی پرچ ) سیفەتێکی مرۆڤە بە خۆشەویستی دراوە کەناگونجێ. (خواستن)
سوێند
بیرتە پێکەوە سوێندمان خوارد
چەتر هەڵنەکەین بۆ باران
من زۆر ڕقم لە چەترێکە

لەگەڵ باران دا شەڕ بکات   (سەنگاوی،٢٠٠٧،١٣٥)
لەم شیعرە دا سیيفەتی شەڕ دراوەتە پاڵ چەتر کە هی خۆی نیە. (خواستن)

فە رهە نگ
بۆ نوسینی هە ر نامە یە ک
چە پکێ وشە م چنیوە
دە یان فە رهە نگی ناسکم پشکنیوە (سەنگاوی،٢٠٠٧،١٨٧)
(چە پکێ وشە) سیفە تی چاندن دراوە تە پاڵ وشە بە ڕووەک کردنە (خواستن)

کریسمس
بەجێم هێڵا وەک باڵندەیەکی بێ بەخت
لە و کاتە دا زۆر شت مابوو فێرم بکە ی
وە ک زمانی مە ل و درە خت (سەنگاوی،٢٠٠٧،١٧)
سیفە تی زمان دراوە تە پاڵ مە ل و درە خت کە مە ل و درە خت زمانی قسە کردنیان نیە (خواستن)

مەهێڵە کاڵ بێتەوە
لەوێ نەبووم تا بەسەرتا
گریانی ساڵێک بڕژێنم
ئەو بۆنەی شەوان بۆت ئەگری
١بەباڵأت دا بپڕژێنم
تۆ نازانی چ ڕازێکی پڕ لە تاسەی دڵی منی
لەهەموو شوێنێک ئەتبینم هەر چەندە ساڵێکە ونی   (سەنگاوی،٢٠٠٧،٣٤)
لەم شیعرە دا شاعیر دژیەکی واتایی بەکار هێناوە تە هەردوو وشەی ئەتبینم و ونی. (پاڕادۆکس)

پۆسکارت
لەوەتەی بڕیارت داوە

هێندە ونی نازانم کێم
بڕوا بکە بڕوا ناکەم
هەتا بمێنم
ناتونم هیچش بنوسم    (سەنگاوی،٢٠٠٧،٤٠)
دژیەکی واتایی لەنێوان بڕوا بکە و بڕوا ناکەم هەیە. (پاڕادۆکس)

بەڵین
من ناتونم هەرگیز کاتێ دیاری بکەم
بۆ هاتنت
وەکو شیعر لە ناکاوا
هاتن و نەهاتنم   (سەنگاوی،٢٠٠٧،١٤٥)
دژیەکی واتایی لە هاتن و نەهاتن دا هەیە. (پارادۆکس)

پۆسکارت
نازانم من بۆ ئەو هند ە تۆم خۆش ئە وێ
بۆچی ئەو هند ە شە یداتم
بیرتە دە مە و بە یانیە کی چوار ساڵ بە ر لە ئێستای تە مە ن
چاوەڕێم بوی
لێم ببورە درەنگ هاتم
لێم ببورە گوڵم ئەگەر جار جار تۆم زویر کردوە
دڵنیابە دڵ ڕەقی خۆم
هەموویم لەبیر کردوە   (سەنگاوی،٢٠٠٧،٤٥)
لەم شیعرە دا هاوەڵکاری (جار جار) هاتووە کە زیادەیە گەر نەش هاتبا مانای تەواوی دەبەخشی. (هەڵاوسانی واتایی)

خەوێک
ئەوانەی کە قۆڵیان بەستم
باڵیان داپۆشرابوو بە گڕو ئاگر و ئاسن
بڕوام نەبوو کە دڵێکی ئاشق نە ناسن  (سەنگاوی،٢٠٠٧،٧٢)

لەم شیعرە دا هاتنی هاوەڵناوی (گڕ) زیادەیە کە بەتەنها هەبوونی ئاگر شیعرەکەی تەواو دەکرد. (هەڵاوسانی واتایی)

تابلۆ کاڵە کان
پە شیمانم لە نوقڵە شیرینانە ی
کە دوور لە تۆ
لە دە مما ئە توانە وە (سەنگاوی،٢٠٠٧،١٣٩)

ئاوەڵناوی شیرین زیادە یە کە دراوە تە پاڵ نوقڵ چونکە هە ر کە گوێت لە ناوی نوقڵ دە بێت خوێنە ر دە زانێت شیرینە (هەڵاوسانی واتایی)

گۆرانیەک
ئە ی د ڵە شێتە دوورە کە م
ئە م شە و گۆرانبە کی جوان
تۆی هێنا بۆ ژوورە کە م
ووشەکانی زۆر ناسکن
وەکو لێوە تەڕەکانت
مۆسیقایەکی لەگەڵە
جارجار لەنەکاو هەڵ ئەچێ
کت و مت وەک شەڕەکانت (سەنگاوی،٢٠٠٧،٩٩)

هاوەڵکاری (جارجار) زیادەیە بەبێ هاتنی ئەو هاوەڵکارەش واتای تەواوی دەبەخشی. (هەڵاوسانی واتایی)

خۆر
ئەم بەیانیە خۆر مات بووە
بەرگێکی کاڵی تەماوی لەبەرا بوو
ورد ورد شاعیرانە ئەهات
کاسکێتێکی هەوری لەسەرا بوو (سەنگاوی،٢٠٠٧،١٧١)

هاوەڵناوی (ورد ورد) خراوەتە تەواوی دێڕەکە.(دیاریکردن)

خەوێک

نامه یه کیان کاتژمێرک پێش مردنم نوسی بووم بۆت

ناسک بوو ئێجگار ناسک بوو  (سەنگاوی،٢٠٠٧،٧٣)

هاوەڵناوی (ناسک) خراوەتە تەواوی دێڕەکە.(دیاریکردن)

مه ودا

زۆر ئێواران شه پۆل سۆزم بۆ ناردووی

نازانم چه ندیان گه یشتوون (سەنگاوی،٢٠٠٧،١٥٣)

(شه پۆل سۆز) ئه م سیفه ته به ناشاز داده نرێت چونکه شه پۆل سۆزی نیه (دانه پاڵ)

ساندی بێڵ

له باوه شما له ته نیشتی دوو ده ست کێشه بچکۆڵه که

کڵاوه که ت هه ر نوستووه هه ست به دڵنیایی ئه کا

بۆی ئه ڕوانم له پاش که مێ

زۆر هێواش ده ستی ئه ده مێ (سەنگاوی،٢٠٠٧،١٥٣)

کڵاو نازیندووه به ڵام به هۆی دانه پاڵی نوستن به زیندوو کراوه (دانه پاڵ)

هێلا هۆپا

به سه دان شه و

سه رم خستۆته سه ر شانی شیعرێکی جوان و گریاوم

به ڵام هێشتا لێت نه بینیوم

بلێم تۆ ئازارت داوم  (سەنگاوی،٢٠٠٧،٢٠)

شیعر نازیندووە بە ڵام بە هۆی دانە پاڵی شان بە زیندوو کراوە (دانە پاڵ)

**تەتە**

خۆشەویستم هەتا پاریش

من بەخەم ئەوت تەتە

لە وەتەی کە تۆم ناسیووە

باڵای خە م

دوو هێندە ی کە ڵە گە تە (سەنگاوی،٢٠٠٧،١٢٩)

باڵای خە م سیفە تە کە هی خۆی نیە چونکە خە م باڵای نیە (دانە پاڵ)

**بنوو**

تۆ بە م شە وە بۆ کوێ ئە ڕۆی

نوستون هێشتا شە قامە کان

هێشتا لە باوە شی خە وان

چاوی ڕە شی شە قامە کان (سەنگاوی،٢٠٠٧،٢١٠)

چاوی ڕە ش دراوە تە پاڵ شە قام دیارخە ر و دیارخراوە (دانە پاڵ)

دنیاچۆنه

نیوه ڕۆ چوومه وه ماڵێ

دایکم وتي دنیاچۆنه

پێم ووت پرته قاڵی یه

ووتی ڕۆڵه تۆ چی ئه لێی

ووتم دایه

ئه م دڵه ی من هه ر ئه وه نده ی لێ حاڵیه (سه‌نگاوی ،٢٠٠٧،١١٧)

بینینی دونیا به پرته قاڵی ) ڕه‌مز بۆ ڕه نگی جلی یاره که ی (ڕه‌مز)

ژیان

که جه سته ی ساردم ئه بینم

له په ڕه یه کی ژاکاوا

هێنده ی که نار گیر ئه بم

به لام چیبکه م که به یانیان ژیان ئه دا له ده رگاکه م

نه یکه مه وه ڕووگیر ئه بم (سه‌نگاوی ،٢٠٠٧،١٨١)

لێره دا شاعیر ژیانی وه ک ڕه‌مزێک به کار هێناوه (ڕه‌مز)

هێلا هۆپا

ئه وا خه ریکه ته مه نمان تاریک دادێ

هێشتا دڵم نه هاتووه توڕه بم لێت (سه‌نگاوی ،٢٠٠٧،٢٠)

تاریکی ته مه ن ڕه‌مز بۆ به ساڵ ده چوونی ته مه ن و پیری (ڕه‌مز)

هه ستام برۆم

هه تاوه كو كه س نه زانێت كه من له مانگی گریانم

له به رده مما بۆخۆم ڕوانیم تۆم تیا بینی

ئاوێنه یه ك دانرا بوو (سەنگاوی ،٢٠٠٧،٦٥)

(مانگی گریان) ڕەمز بۆ خه م و دڵ ته نگی شاعیر (ڕەمز)

قاوه

كه قاوه كه یان بۆ دانام

چاوت له فنجانه كه دابۆ چاوه كانمی ئه ڕوانی

ویستم لێومی بۆ به رم بۆ قاوه كه نا بۆ چاوت

به ڵام چه ندم كرد نه م توانی (سەنگاوی ،٢٠٠٧،٦٤)

چاو له ناو فنجان دا ڕەمزه شاعیر به كاری هێناوه (ڕەمز)

مێز

یادگاری و پیاسه كانمان نه بونایه

ئاسان ئه بوو له بیری خۆمت به رمه وه

به ڵام تازه چۆن نه خشه ی شار تێكبه مه وه

ئه ی چۆن ئه و هه موو شه قامه

له نوێ دروست بكه مه وه (سەنگاوی ،٢٠٠٧،٢٠)

تێكدانی نه خشه ی شار وه ك ڕەمزێك به كارهاتووه بۆ له بیر كردنی یادگاریه كان (ڕەمز)

نامه یه کی تاڵ

تۆ که ده ریایه ک ئازار و خه م و ناسۆریت و پێ چێشتم

بۆ له نامه یه کی کاڵا لێوه کانت بۆ جێهێشتم (سه‌نگاوی ،۲۰۰۷،۱۹۲)

ئازار و خه م و ناسۆری به هۆدی ئامرازی (و) به یه که وه گرێ دراون

(گه یاندن)

هێلا هۆپا

تاکه ی تۆ بیرببه مه وه

به په شمه ک و هێلا هۆ پا و

به په ت په تێن و جۆلانه (سه‌نگاوی، ۲۰۰۷،۳۰)

به په شمه ک و هێلا هۆ پا و به په ت په تێن و جۆلانه به هۆی ئامرازی (و) به یه که وه گرێ دراون (گه یاندن)

## ئەنجام:

لەم توێژینەوەیدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- لادانە واتاییەکان لەم دیوانەدا بە چەندین شێوە بەدەر دەکەون و شاعیر زۆربەی جۆرەکانی لادانی واتایی لەناو شیعرەکاندا بەکارهێناوە، وەک: لادانی واتایی لەڕووی چۆنێتی و لادانی واتایی لەڕووی گونجان و لادانی واتایی لەڕووی ئەرکەوە.

٢- لادانە واتاییەکان لەم دیوانەدا سیمایەکی هاوچەرخانەیان پێوەدیارە، کە لە زۆربەی لادانەکاندا مۆرکێکی داهێنانی کەسێتی شاعیریان پێوەدیارە و لای شاعیرانی تر دووبارە نەبۆتەوە

٣- شاعیر لادانە واتاییەکانی لەڕووی چۆنێتییەوە، بەهۆی هونەرەکانی (لێکچواندن و خواستن)ەوە ئەنجامداوە، کەچی لادانە واتاییەکانی لەڕووی گونجانەوە بەهۆی (پارادۆکس و هەڵاوسانی واتایی و ڕەمز)ەوە ئەنجامداوە. لادانە واتایەکانی لەڕووی ئەرکەوە بەهۆی (دانەپاڵ و دیاریکردن و گەیاندن)ەوە ئەنجامداوە.

٤- شاعیر لە بەکارهێنانی تەکنیکی دیاریکردندا زۆرجار توانیوویەتی لادانەی بەهێز دروستبکات، بەڵام هەندێکجاریش هەر بەهۆی ئەم دیاریکردنەوە لادانە واتاییەکەی لاواز دەرکەوتووە.

٥- زۆرجار شاعیر لە ڕێگەی هێنانەوەی دوو ڕەگەز یان دوو هزر و بیر و وێنەی جیاوازەوە کە لەگەڵ یەکتر نەگونجاون و دابڕانێک لەنێوانیاندا هەبووە، توانییویەتی لادانی واتایی ئەنجام بدات، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی ڕاگەیاندنەوە.

٦- شاعیر هەندێکجار لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەندێک ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکارەوە کە زیادەن و پێویست بە بوونیان ناکات، لادانی واتایی ئەنجامداوە. یان لە هەندێک شوێندا قەبارەی نووسین زیاترە لە واتاکەی، بەمەش هەڵاوسانی واتایی دروستبووە و لادانی واتایی هاتۆتەکایەوە.

٧- ڕەمز یەکێکە لەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی دروستکردنی لادانی واتایی، شاعیریش لەم دیوانەیدا بەشێوەیەکی فراوان ڕەمزی بەکارهێناوە و توانیوویەتی بەهۆیانەوە لە واتا فەرهەنگییەکیانی وشە و دەستەواژەکان دووربکەوێتەوە و واای نوێیان پێبدات

## سەرچاوەکان:

### بەکوردی:

- کتێب:


١. لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت، ناز أحمد سعید، ٢٠١٠ سلێمانی

٢. لادان لەشیعری هاوچەرخی کوردی، دکتۆر صافیە محمد أحمد ،٢٠١٣، هەولێر.

٣. واتاسازی، دکتۆر عبدالواحید مشیر دزەیی، ٢٠٠٩، هەولێر.

٤. شێوازگەری لادان، دکتۆر ئیدریس عبدللە، ٢٠١٣، سلێمانی.

٥. زمانەوانی، پرۆفیسۆر دکتۆر محمد معروف فەتاح،٢٠١١، هەولێر.

٦. زمانی شیعری،( حاجی قادری کۆیی،محوی،شێخ ڕەزای تاڵەبانی) خانزاد علی قادر،٢٠١١، هەولێر.

٧. لادان لە شیعری (ڕەفیق سابیر) دا، شێرزاد عبدالقادر ،٢٠١٤، سلێمانی.

٨. ئیستاتیکیای دەقی شیعری کوردی-کوردستانی عێراق، جەبار أحمد حسین، ٢٠٠٥، هەولێر.

٩. شێواز ناسی لە ئەدەب، دکتۆر ڕێبوار محمد مەلا زادە، ٢٠١٩، هەولێر.


- دیوان:


١٠. مەهێڵە کاڵبێتەوە، رەنج سەنگاوی،٢٠٠٧، هەولێر.


## ملخص البحث

يحدث الانزياح على جميع مستويات اللغة، وأحد هذه المستويات اللغويه التي تحدثنا عنها، الانزياح هو مستوى المعنى وما يسمى بالانزياح الدلالي. بمعنى تجنب الاستخدام العادي للغة التي يستخدمها الناس بشكل يومي. إذا انتبهنا إلى اللغة الشعرية، فسنرى أن أحد المجالات التي تحدث فيها بشكل واسع للغاية هو الانزياح الدلالي، لأن لغة الشعر هي الاستخدام غير الطبيعي للمعنى في اللغة. لذلک ، فإن اللغة الشعرية تبنى على اساس الانزياح الدلالي في اللغة. نتيجة لذلک ، سيتم إنشاء لغة جديدة ومعنى جديد. هذه الدراسة محاولة للتعرف على أنواع الانزياح الدلالي في ديوان الشاعر (رانج سنكاوي) بعنوان (مەهێڵە كاڵبێتەوە)، والذي يتكون من مقدمة وقسمين، وأخيرا توصل البحث الى نتائج.

## Research Summary

Deviation occurs at all levels of language، and one of these levels of language in which deviation occurs is the level of meaning and so-called semantic deviation. Meaning avoiding the normal use of the language that people using it at daily life. If we pay attention to

poetic language، we will see that one of the areas in which it occurs very widely is semantic deviation، because the language of poetry is the unnatural use of meaning in language. Therefore، the poetic language is built on the basis of semantic deviation in language. As a result، a new language and new meaning will be created. This study is an attempt to identify the types of semantic deviation in the poetry of the poet (Ranj Sangawi) entitled ( مەهێڵە کاڵبێتەوە)، which consists of an introduction and two parts، and finally the research reached results.